# نمایشی گۆشەیەك لە تێكشكاندنی سنورە دەستكردەكان!

موحسین كەریم

## لە پەراوێزی جموجوڵو نارەزایەتیەكانی خوێنكارانی هەولێر و بەسرە و سلێمانی دا!

دەسەڵاتبەدەستانی كۆشكی سپی و بەدوای ئەوانیشدا بەشێكی زۆری سیاسەتمەدارانی بۆرژوازی لە سەرتاسەری دنیادا، میدیاو دەزگاكانی راگەیاندنی بۆرژوازی لە رۆژهەلاتەوە بۆ رۆژئاوا، حیزبو تاقمە بۆرژواییەیە ووردو درشتەكانی عێراق، بە ناسیۆنالیستو ئیسلامیەیەوە، بەوانەشەوە كە بە ناحەق دەستیان بە ناوی كۆمۆنیزمەوە گرتوەو دەستەبەرداری نابن، هەموویان، چەند ساڵێكە دەیانەوێ دانیشتوانی عێراق بەپێی لێكدانەوەی زەینیو دڵخوازی خۆیان بەسەر تائیفەو قەبیلەو نەتەوەدا دابەش بكەن. چەند ساڵە هەوڵ دەدەن كە بە خەڵكی دنیاو خەڵكی عێراقیش خۆی بسەلمێنن كە خەڵكی عێراق بریتین: لە كوردو عەرەب، توركمانو ئاشوریو كلدانی، شێعەو سونە، ئیسلامو مەسیحی، قەبیلەكانی ئال شەممەرو جبورو هەركی و سورچی.... ئەمەشیان بۆ ئەوە دەوێ كە پێناسەی كۆمەڵگایەكی قەبیلەییو بەر لەمێژوو لە كۆمەڵگای عێراق بخەنەپێش چاو! پاشان لەسەر ئەم بنەمایە پارچە پارچەی بكەن، شێوازو رادەی مافەكانیان بۆ دیاری بكەن. ئەمریكا ببێتە نوێنەری دنیای موتەمەدن بۆ بلاوكردنەوەی دیموكراسیو مەدەنیەت لەناو ئەم قەبیلەو قەومانەدا. تاقمو دەستە بۆرژواییەیە عێراقیەكانیش ببنە نوێنەری هەر دەستەیەك لەو خەڵكەو لە پێناو بەرژەندیەكانی خۆیاندا بیان كەنەوە بە گژی یەكتردا.

لە ماوەی دوو ساڵی رابردووی پاش روخانی رژێمی دڕندەو بۆرژوایی بەعسدا، ئەمریكاو هاوپەیمانەكانیو ئەحزابی بۆرژوایی عێراقی كاریان كردوە بۆ سەپاندنی ئەم لێكدانەوە ئیختیاریو رواڵەتگەرایانە بەسەر پێكهاتەی كۆمەلایەتی كۆمەڵگای عێراقدا. ئێستا بەداخەوە بەهۆی كاركردی پڕوپاگەندەی چەواشەكارانەو دابەشكارییە تائیفیو مەزهەبیو نەتەوەییەكانی بۆرژاوازییەوە، تابلۆیەكی پێچەوانە لە كۆمەڵگاو خەڵكی عێراق خراوەتە زەینی بەشێكی بەرچاو لە خەڵكی دنیاو تەنانەت خەڵكی عێراقیش خۆیەوە! بە پێچەوانەی حەقیقەتی واقعی خەڵكی عێراقو ماهیەتو خەسڵەتی ئینسانیو عەسری كۆمەڵگای عێراق، ئێستا دانیشتوانی عێراق یان سونەن یان شێعە، یان كورد یان عەرەب، یان توركمان یان كلدو ئاشور، یان مەسیحی یان ئیسلامن...و تاد.

بەڵام ئەم جموجوڵانەی خوێندکاران لە سلێمانیو هەولێرو بەسرە بە دژی دوو بزووتنەوەی جیاوازی بۆرژوازی لە ناو دڵی ئەو ناوەندو ناوچانەوە کە ئەو لایەنە ناسیونالیستیو ئیسلامیانە خۆیان بە خاوەنی هەمو شتێکی دەزانن، لەوەش زیاتر بڕینی سنوری دەستکردی نەتەوەو مەزهەبو ناوچەو راگەیاندنی پەیامی پشتیوانی خوێندکارانی نارازیو مانگرتووی بەسرەو لیژنەی کاری خوێندکارانی بەغدا بۆ مانگرتنو نارەزایەتی خوێندکارانی سلێمانیو هەولێر، ئەگەر دەست پێکردنی مانگرتنە کرێکاریەکانی بەغداو ناسریە لەسەرەتای ئەمساڵداو پشتیوانی رێکخراوە کرێکاریەیە رادیکاڵەکانی عێراق بۆ کۆنفرانسی سلێمانی ریفراندۆمو خواستی سەربەخۆیی کوردستان بۆ ئەم تابلۆیە زیاد بکەین، ئەوا رووە راستەقینەکەی کۆمەڵگاو ئینسان لە عێراق دەردەکەوێ کە هێزەکانی بۆرژوازی عێراقیو ئەمریکا بە هەموو توانایانەوە ، بە زۆری چەکو هێزی میلیشیاو بەزەبری یاساو لە رێگای بڵاوکردنەوەی کێوێك لە پڕوپاگەندەی ژەهراوی نەتەوەپەرستی، مەزهەبیو عەشیرەتیەوە هەوڵی داپۆشینو خەفەو سەرکوتکردنی دەدات!

ئەو بزووتنەوانەی کە دەتوانن نوێنەرایەتی کۆمەڵگای مەدەنیو ئینسانی عێراق بکەن، بزووتنەوەی کرێکاریو رێکخراوە رادیکاڵەکانی یەکگرتوو لە یەکێتی شوراو سەندیکا کرێکاریەکان، بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و رێکخراوە جەماوەریەکەی (رێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق)و بزووتنەوەی لاوانو خوێندکارانی ئازادیخوازە کە ئەم جموجوڵانەی ئێستا گۆشەیەکی لە هێزی ئەم بزووتنەوەیە نیشان داوە. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق حیزبی سیاسی کاریگەرو رابەرو رێنیشاندەری ناو ئەم بەرە فراوانەی خەڵکی ئازادیخوازو ئەم بزووتنەوە رادیکاڵو ئینسانیو ئازادیخوازانەیە.

بزووتنەوەی خوێندکاران، خەباتی ئەم توێژەی کۆمەڵ بۆ گەیشتن بە خواستو ئومێدەکانیان، پێویستی بە خۆرێکخستن هەیە. ئەم بزووتنەوەیەو خواستەکانی خوێندکاران بەشێکە لە بزووتنەوەی گشتی خەڵك بۆ ئازادیو خۆشگوزەرانیو یەکسانی. جموجوڵەکانی ئەم دوایی‌یانەی خوێندکاران لە بەسرەوە تا هەولێرو سلێمانی، ئەو راستیە دەسەلمێنێت کە رێکخستنی ئەم بزووتنەوەیە لە رێکخراوێکی رادیکاڵی خوێندکارانو لاواندا کە خواستی جیایی دین لە دەوڵەت بەرز بکاتەوەو پابەندی پێوانە نەتەوەییو تائیفیو مەهەبیەکان نەبێت، پێداویستی خەباتو وەسیلەی راستەقینەی گەیاندنی خوێندکارانە بە خواستە ئینسانیەکانیان.

ئەرکی هەڵسوڕاوانی کۆمۆنیستی کرێکاریە لە ریزەکانی لاوانو خوێندکاراندا کە وەڵام بەم پێداویستیەی خەباتی بزووتنەوەکەیان بدەنەوە. یەکەم هەنگاوی

بەرەوسەرکەوتن بردنی ئەم نارەزایەتیانەی ئێستای خوێندکاران پێکهێنانی بەردی بناغەی ئەو رێکخراوە رادیکاڵەی خوێندکارانە کە دەتوانێ کۆتایی بە دەوری باڵادەستی بزووتنەوە ناسیۆنالیستیو مەزهەبیەکان لەناو بزووتنەوەی لاوانو خوێندکاراندا بێنێ. سەرەتا دەبێ لیژنەکانی ئامادەکاری پێکهێنانی ئەم رێکخراوە لەناو هەڵسوڕاوانی زانکۆو پەیمانگاو دواناوەندیەکاندا لە چەند ناوەندی خوێندنو هەروەها لەناو لاوانی ئازادیخوازو تێکۆشەردا دروست بکرێن. ئەم لیژنانە پێکەوە گرێ بدرێنەوەو تۆڕێکی رێکخراوەیی دروست بکەنو رێکخراوەکە پێک بهێنن.پێکهێنانی دەستبەجێی ئەم لیژنانەو گرێدانەوەیان پێکەوە فاکتەرێکی گرنگیش دەبێت بۆ دابینکردنی رابەرایەتی رادیکاڵو خەباتکاری ئەم مانگرتنو نارەزایەتیانەی ئێستاو بە سەرکەوتن گەیاندنی.